## مامۆستای زانکۆ و توتی!!!. *هێمن عومەر



وتنەوەی وانە لە لایەن مامۆستاوە بە شێوەیەکی زانستی یاخود ڕێگاو ئسلوبێکی ئەکادیمی دەورێکی زێتروو کاریگەر تری هەیە لەو میتۆدەی کە قوتابیانی زانکۆ دەیخوێنن ئەگەر بێت و مامۆستای وانە لەگەڵ مەنهەجی دۆگمای زانکۆدا خۆی خاوەنی توانایەکی زانستی بێت و لەو بوارەی کە پسپۆری پەیدا کردوە زانیاری هەبێت.
زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ ئەوە دەکەنە بەهانەی وتنەوەی وانەکانیان کە ناتوانن لە میتۆدی خوێندن دەرچن و چیبکەن کاتێك میتۆدی خوێندنی زانکۆ تا سەر ئێسقان کلاسیکەو هیچ پەیوەندی بە ئەمرۆی ژیانەوە نەماوە یاخود بڵێین لە گەڵ ئەمڕۆی بەجیهان بوون و مۆدێرنیتەدا ناگونجی، بەڵام ئەوانە هەمووی بەهانەی مامۆستای زانکۆیەو دەیەوێت دارەکە لەسەری مەنهەجدا بشکێنێت.
زۆربەی مامۆستاکانی زانکۆ ڕوحیان لە کاتی وانە وتنەوەکانیان چووە نازانن ئەو ماوەیەی کە دەبێت وانەکانیان بڵێنەوە بەچی خۆیان خەریك بکەن و تیدا لەبەردەمی قوتابی زانکۆدا نەشکێنەوە. ئەوا لێرەدا بۆ ئەوەی خۆیان دەرباز بکەن هەروەك و پۆلی یەکەمی سەرەتایی بەشێوەیەکی ڕێنوسی (ئیملائی) وانەکەنیان دەڵێنەوە. ئەو کاتانەی قوتابی زانکۆ بووم یەکێك لە مامۆستاکانی بەشەکەم کاتێك داوای ئەوەمان لێکرد کە ئەو مەلزەمە کرچو کاڵەی کە وانەی لەسەر دەڵێتەوە بماندائیو ئێمەش کۆپی دەکەین و ڕۆژانە لەجیاتی ئەوەی بنوسینەوە موناقەشە دەکەین کە هەموو ڕۆژێك دەهات و دوو لاپەرەی بە زۆر پێمان دەنوسیەوە ئەو وشە وشە دەیوت و ئێمەش دەمانوسی، لە بەرامبەر بەوداوایەی کەلیێَمان کرد جەنابی وتی من هەموو شەوێك ماندوو دەبم شتتان لە سەرچاوەی باش بۆ دەردەهێنم چۆن بتاندەمی خۆ ئەوەی بە ئێوەی دەڵێم بە بەردەوام لام نیە بەڵکو شەوانە شتتان بۆ ئامادە دەکەم کە بەرێزی لەو قسانە بووەوە بووە چرپە چرپ و ورتە ورتی پێکەنین چونکە زۆربەمان کۆپی ئەو مەلزەمە بێتامەمان لا بوو کە بەرێزی ڕۆژی دوو پەڕی پێمان دەنوسی.
ڕەنگە ئەوە بۆ ئەو ڕۆژی جێگەی خۆشی و پێکەنین بوو بێت بەڵام ئەوە گەورەترین گریان بوو یەکەم جار بۆ ئەو میللەتە دوەمجار بۆ ئێمە کە قوتابی دەستی ئەو مامۆستاو زانکۆیەیەن.
ئاخر گۆرینی شێوازی وانە وتنەوە چ پەیوەندیەکی بە مەنهەجەوەیە دڵنیام لەوەی کە لەهیچ مەنهەجێکی ئەو دونیایە ئاماژە بەوە نەکراوە مامۆستای زانکۆ بۆی نیە زانیاری تازەو نویی پێببێت یاخود دەبێت توتی ئاسا مەلزەمەیەك ڕۆژ بە ڕۆژ بڵێتەوە.

www.kurdistannet.org

20-9-2005 18:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

*نوسەر/ توێژەری کۆمەڵایەتی. هەولێر